# ڕێكەوتنی كورد و شیعە و ئەگەری ڕزگاركردنی پرۆسەیەكی چەقیو

**شاخەوان شۆڕش**
26.08.2007

لە 16 ی مانگی ئۆگۆستدا هەردوو زلهێزی كوردی و دوو پارتی سەرەكی عەرەبی شیعە ڕێكەوتنێكیان لە نێوان خۆیاندا مۆركرد. ئەوان بانگی لایەنی دیكەش بۆ بەرەكەیان دەكەن. لەبەرامبەر ئەو بەرەیەدا هەندێ لایەنی دیكە بە تایبەتی سوننەكان و گروپی موقتەدا سەدر خەریكی بەرەیەكی دژ یا بەرامبەر بە ئەوانن. ئەو ڕووداوانە دوای زیاتر قووڵبوونەوەی تەنگژەی ناو ئێراق دێن و لە كاتێكدا دێت كە ئومێدی سەركەوتنی پرۆژەی دروستكردنەوەی ئێراق تەواو لاواز بووە و زیاتر لە پێشوو گۆتن لەسەر دابەشكردنی ئێراق وەكو تاكە چارەی گونجاو دەكرێت.
ئەوەی لە دەقی خاڵەكانی ڕێككەوتنەكەدا (ئەوەی كە بڵاوكراوەتەوە) دەخوێندرێتەوە، هەوڵی كورد و شیعەیە (جگە لە گروپی و موقتەدا و هیتر) بۆ درێژەدان بە پرەنسیپی دروستكردنەوەی ئێراق و بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندیەكانیان لەو چوارچێوەیەی كە پێشتر تەباییان لەسەر هەبووە. لە ڕێككەوتنەكەدا جەخت لەسەر ئەو بەهایانە دەكرێتەوە كە گرنگن بۆ یەكگرتوومانەوە و بەهێزكردنی ئێراق، كە تیایدا نوێنەرایەتی گروپەكان ڕەچاوبكرێت. هەروەها هەوڵدان بۆ ڕزگاركردن و بەدیهێنانی ئەو بەڵێن و ئامانجانەی بە دەستوركراون. بە كورتی ئەوەی لەسەرەتاوە لە لایەن ئەمەریكا و لایەنگرانیەوە بانگاشەی بۆ كرا، ئەو دوو لایەنە كوردی و عەرەبییە مەبەستیانە كاری زیاتری بۆ بكەن، لە كەوتن و لەبارچوون ڕزگاری بكەن.
ئەوەی ئەو دوو لایەنە كۆدەكاتەوە، هەردوولایان بڕوایان بە سیستەمی فیدرالی هەیە و مەبەستیانە ئێراق فیدرالی بێت. دیارە ئەو سیستەمە فیدرالیەی لە دەستوردا ڕاگەیەندراوە گەلێ كەلێنی هەیە و تەواو ڕوون نییە، بۆیە چ جۆرە فیدرالیەك لای ئەوان پەسندە و تا چەند هەردوولا لەسەر یەك فۆرم تەبان تەواو دیار نییە. شایانی گوتنە كورد و عارەبی شیعە ئاوات و ئامانجی جودایان هەیە، بۆیە دەكرێ لەوەدا زۆر تەبا نەبن. هەروەكو سەبارەت بە ئایین و ڕۆڵی ئایین لە ستاتدا، ئازادی و ماف هتد. دەكرێ جودایی لەنێوانیاندا هەبێت. بەڵام وەكو لە دەستوردا هاتووە و لایەنی كوردی مۆری كردووە، تەبایی لەسەر تێكەڵی ئایین و ستات هەیە، ئایین ڕۆڵی گرنگی دراوەتێ و لایەنی كوردیش پەسندی ئەوەی كردووە.
لایەنی كوردی بەو ڕێككەوتنەی درێژە بە پۆلیتیكی ئائێستای خۆی دەدات و سورە لەسەر دروستكردنەوەی ئێراق لەسەر بنچینەی فیدرالی. ئەوەش دەكرێ گەلێ لێكدانەوەی بۆ بكرێت. لەوانە ئەوان تادوا هەوڵ لەگەڵ ئێراق دەبن و بەرەو جیابوونەوە ناچن، بەمجۆرە پێیانوایە دەتوانن ئەوەی هەیانە بیپارێزن و لەدەستی نەدەن.
ئەگەرچی ئێستا زیاتر لە پێشتر گۆتن لەسەر هەڵوەشانەوەی ئێراق لێرە و لەوێ دەكرێت، بەڵام وەكو دیارە هەردوو پارتی دەسەلاتداری كوردی ی.ن.ك و پ.د.ك نایانەوی خۆیان لە قەرەی ئەو بابەتە بدەن. ئەوان وەكو پێشوو لەگەڵ جیابوونەوە نین، واپێدەچێ مەترسیان هەیە لەباری جیابوونەوەدا بەرژەوەندیە تایبەتیەكانیان زەبری كوشندەی بەركەوێت. هەروەكو بەرنامەی ڕامیاریی ئەوان لە ڕابردوودا لەسەر بنچینەی وابەستەیی و خۆگونجاندن و هاوكاریی لەگەڵ هێزە ئێراقیەكان و ناوچەییە داگیركەرەكان بووە، بۆیە جیابوونەوە لەگەڵ ڕەوت و بەرژەوەندی ئەوان ناگونجێت. گەر هەولەكانیان بۆ یەكگرتووهێشتنەوەی ئێراق سەركەوتوو نەبێ و پارچەبوونی ئێراق بەمليان دابێت، ئەوا واپێدەچێ لە ڕوانگەی پۆلیتیكی خۆگونجاندنەوە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەكانیان دەدەن. ئەو تێگەیشتنە ئەنجامی ئەو ڕەوتە ڕامیارییەیە كە ئەو دوو پارتە لە كۆنەوە تا ئێستا پەیڕەوی دەكەن.
شایانی گوتنە سەربەخۆیی كوردستان هەرچۆنی بێتەدی لەگەڵ بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی وڵاتانی داگیركەر ناتەبایە و ئەوان بە هەڕەشەی تێدەگەن. جگەلەوەی هەڵوەشاندنەوەی پرەنسیپی دژەكوردی "نكۆلیكردنە" كە نزیكەی سەدەیەكە پەیرەو دەكرێت. بۆیە گۆڕانكاری بەرەو ئەو ئاراستەیە بە ئەگەری زۆر بە ئارامی و بێكێشە نابێت.

لە ڕێكەوتنەكەدا هاتووە كەوا دەبێ جێبەجێكردنی ئەرتیكلی 140 پەلەی لێبكرێت. شایانی سەرنجدانە ئەو خاڵە دیارترین خاڵی كێشەئامێزی نێوان كورد و عەرەبە، لەوەتەی بڕیاری چارەسەرەكە لە چوارچێوەیەكی دەستوریدا دراوە،

هیچی ئەوتۆی بۆ نەکراوە و پرسەکە تووشی چەقبەستن بووە. بەلام ئایا دەکرێ بڕوا بە عەرەبی شیعە بکرێت؟ چ لەسەردەمی ئەیاد عەلاوی کە شیعەیەکی کۆنە بەعسی و گوایە سیکولارە، چ لەسەردەمی ئیبراهیم جەعفەری و نوری مالیکیدا (کە سەربە پارتی دەعوەی ئیسلامین)، هەنگاوی جێبەجێکردن و چارەسەر بۆ ناوچە کوردیە دابڕاوەکان نەندرا، بەڵکو بەردەوام کۆسپ و تەگەرە دروستکراوە و هەبووە. دیارە بەر لە ڕووخاندنی سەدام حوسێن دا، سەرکردەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک بڕوایان بە بەڵێنی شیعەکان لە پشتگیریان بۆ کێشەی کەرکوک هەبوو، هەوەکو جەلال تاڵەبانی لە دیدارێکدا ئاماژەی بە دڵنیایی خۆی لە پشتگیری شیعەکان بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆسەر کوردستان پیشان دا. وەکو دەرکەوت شیعەکان یارمەتیدەر نەبوون، لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا کۆسپ خرایە بەردەم جێبەجێکردنی ئەرتیکلی 140. دیارە ئێمە نازانین ئەوان تا چەند پشتگیری گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە بۆ سەر کوردستان دەکەن یا نایکەن. ئەوان دەڵێن لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرتیکلی 140 داین بە پێی دەستور، بەڵام ئەوە واتای راستەوخۆ گەڕانەوەی هەموو ناوچەدابڕاوەکان بۆسەر کوردستان ناگەیەنێت. لەبەر ڕۆشنایی پاسیڤی ئەوان بەرامبەر بەم پرسە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، پێویستە بە چاوی ڕەخنەگرانە و وریایەوە بڕواندرێتە ئەو ڕێککەوتنە و بەڵێنی عەرەبە شیعەکان، کە سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەرتیکلی 140 داویانە.

جێگای بیرخستنەوەیە تالەبانی و بارزانی ئەو دوو لایەنە عەرەبیە شیعەیە بە دۆستی کورد دەزانن، هەروەکو ی.ن.ک و پ.د.ک ناوە ناوە هێما بۆ هاوکاری و خەباتی هاوبەشی مێژوویيان لەگەڵ ئەواندا دەکەن. لێرەدا خۆشباوەڕی دەبیندرێت. عەرەبی شیعە تەنها لە دژی ڕژێمی بەعس لەگەڵ کورد تەبابوون، ئەوان هەرگیز وەکو کورد سەیری ئامانجی نەتەوایەتی گەلی کوردیان نەکردووە و هەمیشە ئەوەیان کردووە کە ئێران لێیانی داوا کردووە. پێشتر ئەو دوو لایەنە سەلماندیان هەڵوێستیان بەرامبەر بە پرسی ناوچەدابڕاوەکان بەکردەوە ئەرێنی نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەوانە وەکو دۆست دەرنەچوون، واپێدەچێ دەسەڵاتی کوردی لەوانە بەولاوە کەسیتری "دۆستی" نییە و لە ئێراقدا لەوانە باشتری دەست ناکەوێت.

لەو کاتەی کە لایەنگرانی فیدرالیزم بەرەی هاوپەیمانی پێکدەهێنن، پارت و گروپەکانی دیکە کە عارەبە سوننەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگرێتەوە، هەروەها گروپی موقتەدا سەدر و هیتر ئەوانیش خەریکی پێکهێنانی بەرەیەک یا چەند بەرەیەکی دیکەن، کە بەئەگەری زۆر ناتەبان لەگەڵ بەرەکەی دژیان. ئەوانە زۆربەیان دژی سیستەمی فیدرالی و گەرانەوەی ناوچەدابڕاوەکان بۆسەر کوردستانن، هەروەها لەگەڵ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سەنترالن لەهەموو بوارەکاندا. ئەو بەرەیە دژی بەهێزبوونی عارەبی شیعە لە خوارووی ئێراق و کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراقن. ئەو پارچەیی و ناتەباییەی لە کۆنەوە لە ئێراقدا هەمیشە هەبووە، ئێستا لەگەڵ گرێکۆرەی نەگەیشتن بە چارەسەر و شەلبوونی پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق، بەشێوەیەکی دیارتر دەیەوێ خۆی وێنە بکات، بەشێوەیەک بەرەیەک لەگەڵ بەهێزکردنی دەسەڵاتی هەرێمەکانن، بەرەکەی دیکە دژی ئەوەیە و لەگەڵ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندە.

بە بوونی بەرەی دیکەی دژ یا لایەنی دیکەی دژ کە ئەوانیش خاوەنی دەسەلاتن لە ئێراقدا، واپێناچی لایەنی کوردی بە هۆی ئەو بەرەیەی پێکی هێناوە بتوانێ مسۆگەری بەرژەوەندی و ئامانجەکانی بکات. چونکە لایەنی بەرامبەر گەر لەوان بەهێزتر نەبن لاوازتر نین. لە لەیەکی تر هەروەکو گوترا عەرەبی شیعە و کورد ئامانجی جودایان هەیە و لە بنچینەدا لەگەڵ یەکتر هێندە تەبا نین. بۆیە بەرە و گروپ دروست کردن واپێناچێ لە ئامانجەکانیان هەروا ئاسان نزیکیان بکاتەوە.

ئەمەریکا ڕەخنەی زۆری لە دەسەڵاتی مالکی هەیە و بە هۆکاری چەقبەستن و پاشەکشەی پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق تاوانباری دەکات و بەتایبەتی لە سەرنەکەوتنی لە مسۆگەرکردنی ئاسایش ڕەخنەی زۆری لێی هەیە. ڕەنگە ئەمەریکا لەو ڕاستییە بگات کە ئاڵۆزی ئێراق و نەبوونی ئاسایش هۆکەی تەنها کەمتوانایی مالیکی نییە، بەڵام دیارە ئەمەریکا دەبێ ئۆباڵی قەیرانەکە بخاتە ئەستۆی یەکێک. ئەگینا ئێراق نە بە تاڵەبانی، جەعفەری یا مالیکی یا یەکیتر لە ژێر سایەی ئەو بەرنامەیەی ئێستادا سەقامگیری بەدەست ناهێنێت. ئەمەریکا نایەوێ دان بە هەڵەی چەوتیی پرۆگرامەکەی خۆی بۆ ئێراق دابنێت.

ئاڵۆزی و ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی ناو ئێراق ئەمەریکای خستۆتە ناو کێشەیەکی فرەلایەن، لە ئاستی ئەمەریکا، لە ئاستی جیهانیدا و لە ئاستی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. سەرنەکەوتنی ئەمەریکا لە دروستکردنەوە و یەکگرتووهێشتنەوەی ئێراق نسکۆیەکی ڕامیارییە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بوش و پرۆگرامە خۆشباوەڕەکەی.

لەگەڵ ئەوەی زیانە گیانی و مەتریالەکانی ئەمەریکا رۆژ لە دوای رۆژ لە بەرزبوونەوە دایە، لەگەڵ ئەوەی ناکۆکی و ئاڵۆزیەکانی نێوان نەتەوە و گروپەکانی ناو ئێراق لە قووڵبوونەوەی زیاتر دایە، بۆشایی نێوان گروپەکان لە

فراوانبوون دایه و تا ئێستا به سه‌دان هه‌زار كه‌س بوونه‌ته قوربانی شه‌ڕی نێوان گروپه‌كان له چه‌ند به‌ره‌ی جیاوازدا، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هێماكانی هه‌وڵه‌كانی چاره‌سه‌ر بۆ هۆكاره بنچینه‌ییه‌كانی كێشه‌ی نێوان گروپه‌كان ئه‌رێنی نین، به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی بوش سوره له‌سه‌ر جێبه‌جێكردنی پلانی دروستكردنه‌وه‌ی ئێراق و به‌مجۆره له‌سه‌ر پرۆگرامێک كه به‌ئه‌گه‌ری زۆر سه‌ركه‌وتنی درێژخایه‌ن به‌ده‌ست ناهێنێت. به‌مشێوه‌یه ئه‌مه‌ریكا و هاوپه‌یمانانی نایانه‌وی به‌ره‌ورووی هۆكاره بنچینه‌ییه‌كانی كێشه‌ی ئێراق ببنه‌وه و دان به باری ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و ولاته‌دا بنێن، له‌و روانگه‌یه‌وه هه‌نگاوی كۆنكریتی بۆ چاره‌سه‌ری خۆڕاگر بنێن.

..........................................
shakhawan@kadirshorsh.com
www.kadirshorsh.com